# الضمانات الدستورية لحماية الحقوق والحريات العامة في دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥

**إيمان عبدالله عمر**
**رئاسة مجلس وزراء، إقليم كردستان العراق**
imanabdullahomer@gmail.com

**رزگار على عبدالله**
**قسم المراسيم والمؤهلات الدبلوماسية، كلية شقلاوة التقنية، جامعة أربيل التقنية**
rzgar.abdulla@epu.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: الدستور ، الديمقراطية، العراق، الحقوق والحريات، الضمانات الدستورية.

**كيفية اقتباس البحث**

عمر , إيمان عبدالله , رزگار على عبدالله , الضمانات الدستورية لحماية الحقوق والحريات العامة في دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥ ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آب ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٨ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# Constitutional Guarantees for the Protection of Public Rights and Freedoms under the Constitution of the Republic of Iraq of 2005

**Iman Abdullah Omer**
**The Council of Ministers - KRG**
**imanabdullahomer@gmail.com**

**Rizgar Ali Abdullah**
**Department of Diplomatic Protocol and Qualifications, Shaqlawa Technical College, Erbil Technical University**

rzgar.abdulla@epu.edu.iq

**Keywords** : Constitution, Democracy, Iraq, Rights and Freedoms, Constitutional Guarantees.

**How To Cite This Article**
Omer , Iman Abdullah , Rizgar Ali Abdullah ,Constitutional Guarantees for the Protection of Public Rights and Freedoms under the Constitution of the Republic of Iraq of 2005 ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, August 2026,Volume:16, Issue 8.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract

The Constitution is regarded as the supreme law of the state, forming the legal foundation for the organization of public authorities and the protection of public rights and freedoms. It also represents one of the fundamental pillars for establishing the rule of law and consolidating a democratic system. Within this framework, Iraq has become a party to a number of international conventions and treaties concerning the protection of human rights, particularly following the political changes that took place in 2003, which increased attention to the constitutional and legislative protection of rights and freedoms.The Constitution of the

Republic of Iraq of 2005 attached particular importance to the protection of rights and freedoms by dedicating Chapter Two, Articles (14–46), to regulating and safeguarding fundamental rights and freedoms. Furthermore, Article (13) affirms the supremacy of the Constitution as the highest law of the land and obliges all public authorities to comply with its provisions, prohibiting the enactment of any legislation that contradicts them.This study seeks to answer the following research question: To what extent has the Constitution of the Republic of Iraq of 2005 provided effective constitutional and legal guarantees for the protection of public rights and freedoms? To achieve this objective, the study adopts both the descriptive and analytical approaches by examining the relevant constitutional provisions, identifying the guarantees established by the Constitution, and evaluating their adequacy and effectiveness in protecting public rights and freedoms.The study concludes that, although the Constitution of the Republic of Iraq of 2005 provides comprehensive constitutional protection for public rights and freedoms and establishes a range of constitutional guarantees to safeguard them, the effectiveness of these guarantees in practice depends largely on the commitment of public authorities to constitutional principles, the independence of the judiciary, and the availability of effective oversight and enforcement mechanisms. Accordingly, the genuine protection of rights and freedoms cannot be achieved merely through constitutional recognition; rather, it requires effective implementation, strong institutional commitment, and robust legal mechanisms to ensure their enforcement and protection.

**الملخص**

يُعدّ الدستور القانون الأعلى في الدولة، ويشكّل الأساس في تنظيم السلطات العامة وحماية الحقوق والحريات الأساسية للأفراد، كما يُعدّ أحد أهم مرتكزات بناء دولة القانون والنظام الديمقراطي. وفي هذا الإطار، انضم العراق إلى عدد من الاتفاقيات والمعاهدات الدولية الخاصة بحماية حقوق الإنسان، ولا سيما بعد التحولات السياسية التي شهدها عام (٢٠٠٣)، والتي أولت اهتماماً أكبر بموضوع الحقوق والحريات الأساسية. وقد أولى دستور جمهورية العراق لسنة (٢٠٠٥) أهمية خاصة لحماية الحقوق والحريات، إذ خصّص الباب الثاني، في المواد (١٤–٤٦)، لتنظيم الحقوق والحريات الأساسية، كما أكدت المادة (١٣) منه أن الدستور هو القانون الأعلى والأسمى في الدولة، وتلتزم جميع السلطات والمؤسسات العامة بأحكامه. وتسعى هذه الدراسة إلى الإجابة عن التساؤل الآتي: إلى أي مدى استطاع دستور جمهورية العراق لسنة (٢٠٠٥) أن يوفر ضمانات قانونية فعّالة لحماية الحقوق والحريات الأساسية؟ ولتحقيق أهداف الدراسة، اعتمد الباحث المنهجين الوصفي والتحليلي لتحليل النصوص الدستورية وتقييم الضمانات القانونية التي أقرها الدستور. وتوصلت الدراسة إلى أن دستور جمهورية العراق لسنة (٢٠٠٥)، على الرغم من تضمّنه تنظيماً واسعاً للحقوق



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

والحريات الأساسية وإقراره عدداً من الضمانات الدستورية لحمايتها، فإن فاعلية هذه الضمانات في التطبيق العملي ترتبط بمدى التزام السلطات العامة بأحكام الدستور، واستقلال السلطة القضائية، وتوافر آليات رقابية وتنفيذية فعّالة. وعليه، فإن الحماية الحقيقية للحقوق والحريات لا تتحقق بمجرد النص عليها في الدستور، وإنما تتطلب تطبيقاً فعّالاً وضمانات مؤسسية تكفل احترامها وصيانتها.

## گەرەنتییە دەستوورییەکان بۆ پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥دا

**ئیمان عەبدوڵا عومەر**

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق

٠٧٥٠١١٧١٠٣٥

imanabdullahomer@gmail.com

**رزگار علی عبدالله**

بەشی پرۆتۆکۆل و شیاندنی دیبلۆماسی، کۆلێژی تەکنیکی شەقڵاوە، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

rzgar.abdulla@epu.edu.iq

٠٧٥٠٤٦١١٣٤١

**پوختە**

دەستوور وەک یاسای باڵای وڵات، بناغەی ڕێکخستنی دەسەڵاتەکان و پاراستنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی تاک دادەنرێت و یەکێکە لە گرنگترین پێوەرەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی یاسایی و سیستمی دیموکراتی. لەم چوارچێوەیەدا، عێراق وەک ئەندامێک لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەشداربووە لە ژمارەیەک پەیماننامە و ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە پاراستنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، بە تایبەتی دوای گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ساڵی (٢٠٠٣) کە گرنگییەکی زیاتر بە بابەتی مافە بنەڕەتییەکان بەخشی. دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) گرنگییەکی تایبەتی بە پاراستنی ماف و ئازادییەکان داوە و لە بەشی دووەم، لە ماددەکانی (١٤–٤٦)، ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان دیاریکردوون. هەروەها، ماددەی (١٣) دەستوور بە یاسای باڵا و هەرە بەرزی وڵات دادەنێت و هەموو دەسەڵات و دامەزراوەکان بە پابەندبوون بە ئەحکامەکانی دەستوور مکلەف دەکات. توێژینەوەکە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: تا چ ڕادەیەک دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) توانیویەتی گەرەنتیی یاسایی و کاریگەر بۆ پاراستنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان دابین بکات؟ بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، پشت بە هەردوو میتۆدی وەسفی و شیکاری بەستراوە، بۆ شیکردنەوەی دەقە

دەستوورییەکان و هەڵسەنگاندنی گەرەنتییە یاساییەکانیان. توێژینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە، سەرەڕای ئەوەی دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان بە شێوەیەکی فراوان ناساندووە و ژمارەیەک گەرەنتیی دەستووری بۆ پاراستنیان داناوە، بەڵام کاریگەری ئەم گەرەنتیانە لە ڕووی جێبەجێکردنەوە بە ئاستی پابەندبوونی دەسەڵاتە گشتییەکان بە بنەماکانی دەستوور، سەربەخۆیی دەزگاکانی دادوەری و هەبوونی میکانیزمە کاریگەرەکانی چاودێری و جێبەجێکردن پەیوەستە.

**وشە سەرەکییەکان:** دەستوور، دیموکراسی، عێراق، ماف و ئازادی، گەرەنتییە دەستوورییەکان.

## ١. پێشەکی

یەکێک لەو بنەمایەنەی کە باوەرپێکراوە لە سیستەمی دیموکراسیدا ئەوەیە کە دەستوور ڕۆڵی بەڵگەنامەی یاسای باڵا دەبینێت هەر لەسەر ئەو بنەمایەشدا شێوازی حوکمڕانی، سیستەمی دەوڵەت، شێوازی دەسەڵات دیاریدەکرێت ئەمەش لە ڕێگای ڕێکخستنی دەسەڵاتەکان و دیاریکردنی ماف و ئازادی گشتی. سەرەڕای ئەوەی کە دەستوور هەڵدەستێ بە ڕێکخستنی بابەتە سەرەکییەکان لە دەوڵەتدا لەهەمانکاتدا ڕێگایەکیشە بۆ ڕێکخستنی ماف و ئازادیی گشتیی تاکەکان کە مافە کەسی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابورییەکان دەگرێتەوە. بەو پێیەی کە دەستوور باڵادەستی هەیە و دەسەڵاتی باڵایە لە دەوڵەتدا هیچ لایەنێک ناتوانێ سەرپێچی بکات بۆیە بۆ زامنکردن و ڕێزگرتن لەم ماف و ئازادیە گشتیانە پێویستە سەرچاوەی خۆیان لە دەستوور وەربگرن و لە دەستوور دەقیان لەسەر بکرێت.

دەستووری دەوڵەت گەرەنتییەکی بنەرەتییە بۆ مافی تاک و ئازادییە گشتییەکان، دەستووری عێراق ساڵی (٢٠٠٥) زمانەتێکی باشی ماف و ئازادییەکانی کردوە لە بەندی دووەمدا لە مادەکانی (١٤-٤٦)دا لەگەڵ بوونی مادەی (١٣) کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەم دەستوورە بە یاسای باڵا و هەرە بەرز دادەندرێت لە عێراقدا و پێویستە لە هەموو شوێنێکی عێراقدا بە بێ جیاوازی پێوەی پابەندبن. هەر لە هەمان ماددەدا وخاڵی دووەم ئاماژە بەوە دەدات نابیت هیچ یاسایەک پێچەوانەی ئەو دەستوورە بیت. ئەمەش خۆی لە خۆیدا گەرەنتیەکی باشی ئەو مادە و باندانە دەکات کە باس لە ماف و ئازادییەکان دەکات بەو مانایەی کە ناکرێت هیچ دەسەڵاتێک سەرپێچیان بکات.

جێگای باسە کە عێراق یەکێک بووە لەو دەوڵەتانەی کە بەشداری کردووە لە بەشێک لەو پەیمانامە و ڕێکەوتننامە نێودەولەتیانەین کە سەبارەت بە ماف و ئازادییەکان بەستراون لەبەر ئەوەی بابەتی پاراستینی ماف و ئازادییەکان لە ئێستادا یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکان بۆ هەموو نەتەوەکانی جیهان وڵاتانی عەرەبی بە تایبەتی دوای ئەو گۆرانکاریانەی ساڵی (٢٠٠٣) رویاندا. گرنگی باسکردنی ئەم بابەتە باسکردنە لە تاک وەکو روکنێکی سەرەکی لە بوونی هەموو دەوڵەتێکدا زامنکردنی ماف و ئازادییەکانیەتی و هەوڵێکە بۆ تیشک خستنە سەر و دۆزینەوەی هەر خاڵێک یان کەموکوریەک کە یاسادانەر دانی پێنەناوە سەبارەت بە ماف و ئازادیە گشتییەکان.

### ١.١. میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوە، رونکردنەوەی گریمانەکە و گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان، پشت بە زیاتر لە یەک میتۆدی توێژینەوە دەبەستێت،

چونکە سروشتی بابەتەکە و جۆری ئەو سەرچاوە زانستی و یاساییانەی کە توێژینەوەکە پشتی پێیان دەبەستێت، پێویستی بە بەکارهێنانی چەند میتۆدێکی توێژینەوە هەیە. لەبەر ئەوە، ئەم توێژینەوەیە سود لە هەردوو میتۆدی وەسفی و شیکاری وەردەگرێت. میتۆدی وەسفی بۆ ناساندن و ڕوونکردنەوەی دەقە دەستووری، یاسایی و نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان و دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانیان بەکاردێت، پاشان میتۆدی شیکاری بۆ هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆک، لێکدانەوەی دەقە یاساییەکان و دیاریکردنی ئاستی کارایی گەرەنتییە دەستوورییەکان لە پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان بەکاردێت. بۆیە، توێژینەوەکە میتۆدێکی تێکەڵ (وەسفی–شیکاری) وەردەگرێت، چونکە ئەم میتۆدە لەگەڵ سروشتی بابەتەکە و ئامانجەکانی توێژینەوەدا زیاترین گونجاوی هەیە و یارمەتی گەیشتن بە ئەنجامێکی زانستی و وردتر دەدات.

### ٢,١. خوێندنەوەی سەرچاوەکانی پێشوو

بەهۆی گرنگی بابەتەکە و هەستیاری ناوەرەکی بەو پێیەی کە پەیوەندی هەیە بە تاکەکانی کۆمەڵگە بۆتە جێی سەرنجی زۆرێک لە زانایان و فەقیهەکانی بواری یاسایی هەر یەکە بە جۆرێک و لە گۆشەیەکەوە سەیری دەکەن. ئەگەر چی لەوانەیە باسەکان لەسەر ماف و ئازادییەکان جیاواز بن بەڵام ئەگەر سەرنج بدرێت دەبیندرێت کە لە ڕووی ناوەرۆکەوە هەموویان تا ئاستێک هاو ڕان لەگەڵ یەکتر. دکتۆر یاسر الحوش دەڵێ کە مافی مرۆڤ پەیوەستە بوونی، گرنگی پێدانیشیان گوزارشتە لەسەر بەرەوپێشجوونی فەلسەفە، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی، سیایسی و یاسایی. سەرەڕایی دانپێنان  بە ماف و ئازادییە گشتییەکان لەلایەن وڵاتان، بەڵام زۆرێک لە هاوڵاتیان پیشێلکارییان بەرامبەر دەکرێت چ لەسەر ئاستی ناوەخۆ چ لەسەر ئاستی دەرەکی.

گرنگیدان بە مافەکانی مرۆڤی بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنێتەوە کە  بریتین لە دەرئەنجامی شارستانی و ئاینی لە لایەک و نزیک بوونی زیاتری دەوڵەتان لە یەکتری و بەهێزبوونی پەیوەندییەکانیان. هەروەها لە ئێستادا گرنگیدان بە مافەکانی مرۆڤ وەک پێوەرێکی سیسیتەمی دیموکراتی دادەندرێت لە ولاتاندا.[١] هەروەها دکتۆر ڕامز محمد ئاماژە بەوە دەدات کە هەموو مادە و بابەتەکەن لە هەموو بوارێکدا پەیوەستن بە یەکەوە، هەر وەک مافەکانیش پەیوەستن بە زانستەکانی زمان، مێژوو، کۆمەلایەتی، پزیشکی ئەندازیاری، هەروەها بە هەموو بەشەکانی یاساوە دەچێتە نێو بواری سزا و ڕێکارەکانی سزادان، ئازادی خاوەنداریەتی لە یاسای کار، ئازادی کارکردن و پیشەسازی، لە هەمانکاتدا پەیوەندیەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ دەستوور چونکە بوونی پەیوەندی لەگەڵ بواراکانی دیکە و بەشەکانی تری یاسایی مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم مافانە پارێزراون و مرۆڤ تێیاندا ئازادە تەنیا مەگەر لە دەستووردا ئاماژۆیان پێکرابێ.[٢] هەروەها محمد السيد سعيد دەڵێ کە ماف و ئازادییەکان ڕێژەیین، بە مانایەکی تر ئەوەی بۆ کۆمەڵگەیەک دەست دەدات بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەستنادات کەواتە پێوەرێکمان نیە کە بتوانین ماف و ئازادییەکانی پێ دیاریبکەین بەڵام لە هەمان کاتدا و لە هەموو بارێکدا دەبێت مرۆڤ تمتع بکات بە کەرامەتی خۆی لە هەر شوێنیک بێت.[٣]

لە دەستووری وڵاتانیشدا وەک زەماناتێک و هەستیاری بابەتەکە هەمیشە ئاماژە بە بابەتی ماف و ئازادییەکان کراوە دەستوورەکان هەمیشە هەوڵیانداوە کە باس لە ماف و ئازادییەکان بکەن و زەماناتێکیان بۆ فەراهەم بکەن چونکە بابەتیکە پەیوەستە بە تاک کە بنەرەتی


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

کۆمەڵگایە وەک لە دەستووری ئەمریکا باس لە ماف و ئازادییەکان کراوە لە بەندەکانی دەستوور و هەروەها لە هەموارکردنانەی کە بە (بەڵگەنامەی مافەکان) ناسراوە ئاماژەش بە چەند بنەمایەک دراوە بە مەبەستی پاراستنیان وەک بنەمای سەروەری یاسا.[٤] دەستووری وڵاتی میسردا باس لە ماف و ئازادییەکاندا کراوە لە بابی سێیەمدا لە ماددەکانی ٥١_٩٣ ئاماژەش بە چەند زەمانەتێک کراوە بە مەبەستی پاراستنیان.[٥]

### ١,٣. گرنگی توێژینەوە:

گرنگی توێژینەوە لە بابەتی گەرەنتییە دەستوورییەکان بۆ پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لەوەدا دەردەکەوێت کە دەستور یاسای باڵای دەوڵەتە و بنەمای هەموو یاسا و دامەزراوەکانی دەوڵەت پێکدەهێنێت. دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بە شێوەیەکی فراوان ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی هاوڵاتیان، وەک مافی یەکسانی، ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی باوەڕ، مافی هاوبەشبوون و مافی بەشداری لە ژیانی سیاسی، ناساندووە و بۆ پاراستنیان ژمارەیەک گەرەنتی دەستووری دیاریکردووە. بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، جێبەجێکردنی ئەم گەرەنتیانە لە ڕووی پراکتیکییەوە هەندێک کێشە و ئالۆزی بەدوادا هاتوون، کە کاریگەرییان لەسەر پاراستنی ماف و ئازادییەکان هەبووە. بۆیە، ئەم توێژینەوەیە گرنگە، چونکە هەوڵدەدات دەقە دەستوورییەکان و میکانیزمەکانی پاراستنی ماف و ئازادییەکان شی بکاتەوە، ئاستی کاریگەرییان هەڵبسەنگێنێت، و خاڵە بەهێز و لاوازەکانیان دیاری بکات. هەروەها، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەتوانن یارمەتی پەرەپێدانی چوارچێوەی یاسایی و دامەزراندنی پاراستنێکی کاراتر بۆ ماف و ئازادییە گشتییەکان بدەن، بە شێوەیەک کە لەگەڵ بنەماکانی دەوڵەتی یاسا و ستانداردەکانی مافی مرۆڤ هاوتەریب بێت.

### ١,٤. پرسیاری توێژینەوە:

لە ڕۆشنایی گرنگی گەرەنتییە دەستوورییەکان بۆ پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ژمارەیەک پرسیاری بنەڕەتی بدات کە چوارچێوەی زانستی توێژینەوەکە پێکدەهێنن. لە پێش هەموو شتێکدا، ئەم توێژینەوەیە دەکۆڵێتەوە کە ئایا دەستووری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی گرتووەتەخۆ کە لە بەڵگەنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا پەسەندکراون یان نا. هەروەها، هەوڵدەدات ئاشکرا بکات کە ئایا هاوڵاتی عێراقی لە ژێر سێبەری ئەم دەستوورەدا توانیویەتی بە شێوەیەکی دیموکراتیانە سوود لە هەموو ماف و ئازادییە سیاسی، مەدەنی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی وەربگرێت. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە ئاستی کاریگەری گەرەنتییە دەستوورییەکان و میکانیزمە یاساییەکانی لە پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان هەڵدەسەنگێنێت، و دەخاتە ڕوو کە تا چ ڕادەیەک دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ توانیویەتی پاراستنێکی کاریگەر و هاوتەریب لەگەڵ ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ دابین بکات.

### ١,٥. کێشەی توێژینەوە

کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە، سەرەڕای بوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەڵگەنامە، پەیماننامە و ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتییەکان و هەروەها یاسا ناوەخۆییەکان کە پێداگری لەسەر دانپێدانان و پاراستنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دەکەن، هێشتا لە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

زۆر وڵاتدا ئەم مافانە بە شێوەیەکی تەواو جێبەجێ ناکرێن و تاکەکان لە بەشێک لە ماف و ئازادییەکانیان بێبەش دەکرێن. ئەم دۆخە ئەو پرسیارە بنەڕەتییە دەوروژێنێت کە ڕۆڵ و کاریگەری دەستور وەک باڵاترین یاسای دەوڵەت چییە لە دڵنیابوون لە پاراستنی ئەم ماف و ئازادییانە. لە هەمان کاتدا، لەبارەی دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥، گرنگی توێژینەوە لەوەدایە کە ئاستی گەرەنتییە دەستوورییەکانی هەڵبسەنگێنێت و ئاشکرا بکات کە تا چ ڕادەیەک دەقە دەستوورییەکان و میکانیزمە یاساییەکانی توانیویانە ماف و ئازادییە گشتییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر بپارێزن و تا چ ڕادەیەک لەگەڵ ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ هاوتەریین. بەم شێوەیە، توێژینەوەکە هەوڵدەدات بۆشاییە یاسایی و جێبەجێکارییەکان دەستنیشان بکات و ئاستی کارایی گەرەنتییە دەستوورییەکان لە پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان هەڵبسەنگێنێت.

### ٦,١. پێکهاتەی توێژینەوە:

ستراکچەری توێژینەوە پێکهاتووە لە ناساندنی ماف و ئازادییە گشیتەکان وەک چەمک و جۆرەکانیان بە شێوەیەکی گشتی، لە تەوەری دووەمدا باس لەو ماف و ئازادییە گشتیانە دەکرێت کە لە دەستووری عیراقیدا هاتوون، لە تەوەری سێیەمدا تیشک دەخرێتە سەر ئەو گەرەنتیانەی کە دەستووری عێراق دایناون بە مەبەستی پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان.

## ٢. چەمکی ماف و ئازادییە گشتییەکان

ماف وئازادییە گشتییەکان چەند وەسفێک لە خۆ دەگرن لە لایەک بە ماف و ئازادی تاک ناویان دەبردرێت لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئمتازاتێکن بۆ تاکەکان دەسەڵات بۆی نیە ڕێگری لێبکات. لە لایەکیتر بە مافە شارستانییەکان ناویان دەبردرێت ئەم چەمکەش لە سەدەی بیستەم لە فەرەنسا باو بوو. هەر وەک لە زۆربەی کتێبەکانی فەیلەسوفی بەناوبانگی فەرەنسی ڕۆسۆ، بە مافە سروشتییەکان باسکراون کە لە بنەمای یاسای سروشتی وەرگیراون کە دانی ناوە بە تاک لە هەمووکات و ساتێکدا وەک مرۆڤێک، بەڵام مافە شارستانییەکان بۆ مرۆڤ داندرون بە سیفەتی ئەوەی کە ئەندامێکە لە گۆمەڵگای مەدەنی بۆیە یاسای سروشتی جێگیرە بە پێ کات و شوێن ناگۆرین بەڵام یاسای شارستانی دەگۆڕێت لە شوێنێک بۆ شوێنێکیتر و لە کاتێک بۆ کاتێکیتر.

لەگەڵ ئەوشدا چەمکی ماف و ئازادییە گشتییەکان بەربڵاوترینە، بەو پێیەی کە تەنیا ئیمتازاتێک نین کە تاکەکان بتوانن بە تەنیا ڕوبەڕوی یەکتر ببنەوە بەڵکو ئیمتازاتیکن کە تاک دەتوانێ لە پاڵیاندا ڕوبەڕوی دەسەڵاتیش ببێتەوە. هەروەها ئەم ماف و ئازادییانەش سیفەتێکی گشتگیریان هەیە کە هەموان وەک یەک هەیانە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و تەمەن و زیرەکی و پلەی کۆمەڵایەتی و لایەنی ئابووری.[٦]

### ١,٢. پێناسەی ماف وئازادییە گشتییەکان:

مافەکانی مرۆڤ کۆمەلە بنەمایەکی یاسایی و سەرەکین، واقێکی سیاسی و کۆمەلایەتی و یاسای درووست دەکەن.مەبەست لێیان بەرەوپێشوەبردنی ژیانی مرۆڤە لەسەر بنەمای دادپەروەری و ویژدانی و یەکسانی لە ناو کۆمەڵگا بەبێ جیاوازی ئاین و ڕەگەز و ڕەنگ. بەڵام ماف و ئازادییە گشتییەکان دەستەواژەیەکن کە کەسانی یاسای و سیاسی بەکاریندێنن کە

پێویستە لەبەر چاوبگیرێن لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ و ئەرکەکانی دەوڵەت. گەرەنتی کردن و دابینکردن و پارێزگاریکردنیان لە ئەستۆی دەوڵەتدایە، لە هەمان کاتیشدا لایەنە جێبەجێ کاری دەوڵەت بە جۆرێک بن کە نەبنە رێگر لەبەردەم ئەم ماف و ئازادییانە.[٧] مەبەستیش لە ئازادی گشتی، ئەو ئازادییەیە کە مرۆڤ پێویستە هەیبێت لە ممارەسەکردنی مافاکانی خۆی وەک مافی ژیان، مافی ئاین، مافی گواستنەوە. ئازادی رادەربرین، ئازادی پەروەردە.[٨]

زۆر جاریش دەبیندرێت کە تێکەڵبوونێک درووست دەبێ لە نێوان دەستەواژەی ماف و ئازادی. ئەم تێکەڵ بوونەش لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییە کە لە نێوانیاندا هەیە و تەواوکەری یەکترن جا بۆ ئەوەی جیاوازی بکرێت لە نێوان هەر دوو دەستەواژە دەبێ پێناسەی دەستەواژەکان بکرێت وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە هەر وەک دەتواندرێت بوترێت کە ماف پەرژەوەندیەکە بۆ کەسەکە دەگەرێتەوە مشروعە و یاسا دەیپارێزێت، بەڵام ئازادی ئەو دەرفەتەیە یاخود ئەو ئامرازەیە کە یاسا دەیدات بۆ ممارەسەکردنی مافەکان و رێکیان دەخات،[٩] چوارچێوەی ماف لە ئازادییەکان فراوانترە و بە شێوەیەک رێکخراوە کە بواری دەسکاری کردن تیدا نەماوەتەوە لە کاتێکدا ئازادییەکان بەرتەسکترن بە کۆمەڵە رێکارک بەند کراون کە یاسا دیاریکردون.

## ٢,٢. جۆرەکانی ماف و ئازادییە گشتییەکان

زانایان بیر و بۆچون و رای جیاوازیان هەیە لەسەر دابەشکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکان

هۆکاری ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی شوێن و کات و کاریگەری سیستەمی سیاسی و یاسای و ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان تاک و دەسەڵاتدا هەیە، هەبوونی جیاوازی لە نێوان زانایان نابێتە هۆی نەمانی ماف و ئازادییەکان یاخود نابێتە هۆی ئەوەی هەندێکیان ممارسە بکرێن هندێکیان رابگیرێن لەبەر ئەوەی زۆربەی ماف و ئازادییەکان بە گشتی هاتوون و پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە.

باشترین دابەشکردنیش ئەو دابەشکردنەیە کە ماف و ئازادییەکان دابەش دەکات بۆ دوو جۆری سەرەکی کە ئەوانێش بریتین لە ماف ێ ئازادییە گشتیە تەقلیدییەکان و ماف و ئازادییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و رۆشنبیرییەکان. فقهی نوێ ئەم دابەشکردنەی کردووە لەسەر ئەو بنەمایەی کە ماف و ئازادییە تەقلیدییەکان ئەو مافانەن کە بۆ تاک داندراون بە تەنیا لەبەر ئەوەی کە مرۆڤە زۆرجاردش بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان ناودەبردرێن، بەڵام مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە بیر و فکری نوێوە سەریان هەڵداوە لە ئەنجامی ئەو بەرەوپێشچوونە ئابووری و کۆمەلایەتیانەی سەریانهەڵداوە لە کۆمەڵگا نوێییەکانەوە ئەم مافانەش پەیدابوون کە بریتین لەو مافانەی بۆ تاک داندراون بە سیفەتی ئەوەی کە تاک ئەندامێکە لە کۆمەڵگایەکی ئابووری و کۆمەلایەتی پێشکەوتوو.[١٠]

ماف و ئازادییەکان دوو جۆری سەرەکین و بریتین لە ماف و ئازادییە تەقلیدییەکان، ماف و ئازادییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و رۆشنبیرییەکان. باسی هەر یەکەیان بە جیاواز دەکەین.

**١،٢،٢. جۆری یەکەم: ماف و ئازادییە تەقلیدییەکان**:- ئەم ماف ئازادییانە چەند وێنەیەکی جیاواز لە خۆیان دەگرن و دابەشدەبن بەسەر چوار بەشی سەرەکی کە بریتین لە ماف و ئازادییە کەسییەکان، ماف و ئازادی فکری، مافی بەشداریکردن لە بەرێوەبردن، مافی یەکسانی.

١.**ماف و ئازادییە کەسییەکان**:- ئەم ماف و ئازادییانە چەند جۆرێکی جیاواز لە خۆ دەگرن کە پەیوەندیان هەیە بە ژیانی مرۆڤ بریتین لە مانەی خوارەوە:

**أ- مافی ژیان**:- یەکێکە لە گرنگترین ماقەکانی مرۆڤ کە پیش هەموو مافەکانیتر دەکەوێت هەموو مافەکانیتریش پاشکۆی ئەم مافەن لە ڕووی گرنگیەوە بۆیە لەسەر دەوڵەت و لەسەر کۆمەڵگا پێویستە کە پارێزگاری لە گیانی هاوولاتیان بکەن لە هەر مەترسیەک کە لەسەر گیانی تاکەکان درووست دەبێت بە شێوەیەک کە دەبێ سەلامەتی گیانی تاکەکان لە سەرووی هەموو شتێکەوە بێت، تەنانەت ئەگەر یاسای دەوڵەت دەقی لەسەر سزای لە سێدارەدانێش کردبێت ئەوا ناکرێ جێبەجی بکرێت تەنیا بە حوکمێکی دادوەری نەبێت کە هەموو ئەو مەرجانە لە خۆ بگرێت کە لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤدا هاتوون.[١١] **هەر وەک لە ماددەی (٦) جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە.**[١٢]

ب – **مافی ویژدان و سەلامەتی کەسی**:- ئەگەر مافی ژیان مافێکی سروشتی و ملزم بێت بۆ مرۆڤ ئەوا ئەم مافە هیچ بەهایەکی نابیت ئەگەر خودی مرۆڤ لە حاڵەتی ستەم و زوڵم و ناخۆشیدا ژیا. بە واتایەکیتر ژیان بەهایەکی نیە ئەگەر هیچ پارێزگاریەک نەبێت لەسەر جەستە و لایەنی دەروونی و کەرامەتی مرۆڤ. بۆیە دەسەڵات هەمیشە و لە هەموو کاتێکدا تەنانەت لە کاتی جێبەجێکردنی سزا توندکان و ئەشکەنجەشدا لایەنی دەروونی و کەرامەتی مرۆڤ لەبەر چاوبگرن.

ج- **مافی تایبەتمەندی**:- ژیانی مرۆڤ دوو ڕووی هەیە یەکێکیان ڕووە کۆمەڵایەتیەکەیەتی کە دەوەستێتە سەر ژیانی مرۆڤ لە نێو کۆمەڵگایەکی ڕێکخراو کە یاسا ڕێکیدەخات. ڕووەکەیتری کەسیە تایبەتە بە خودی ژیانی کەسەکە پەیوەندی بە خودی کەسەکە و نهێنی و چەند شتێکی تایبەت بە کەسەکەن کە هیچ کەس و لایەنێک بۆی نەی بەبێ پرس دەستکاریان بکات ئەم نهێنیانەش دەکەونە چوارچێوەی ئەو ماڵەی کە تیدا دەژی و ئەو پەیوەندیانەی کە کەسەکە هەیەتی. ئەو ماڵەی کە کەسەکە تیدا دەژی گرنگیەکی زۆری هەیە بە شێوەیەک مرۆڤ هیچ تایبەتمەندیەکی تایبەت بە خۆی نابیت ئەگەر هاتوو ڕێز لە ماڵەکەی نەگیرا، لەبەر ئەوە ماڵ یاخود ئەو شوێنەی کەسەکە تیدا نیشیەجێیە دادەندرێت بە بەشێکی سەرەکی لە ژیانی مرۆڤ جا ج کەسەکە دەوڵەمەند بێت یان فەقیر[١٣].

د- **ئازادی نیشتەجێبوون**:- هاوڵاتی مافی ئەوەی هەیە کە نیشتەجی بێ لەو شوێنەی کە خۆی ئەیەوێ، ئەمە بە شێوەیەکی بنەرەتی، بەڵام ئەکرێ هندێ جار شوێنی نیشتەجێبوون بە یاسا دیاری بکرێت، بەڵام ئازادی هاتووچۆ بەو واتایەی کە مرۆڤ ئازاد بێت لە چوونی لە شوێنیک بۆ شوێنیکیتر، تەنانەت لە چوونی بۆ دەرەوەی وڵات و گەرانەوەی بۆ شوێنی خۆی بەو جۆرەی کە یاسا ڕێگەی پێداوە، دەسەڵاتی یاسادانان بۆی هەیە مافی هاتوچۆ ڕێکبخات لەبەر ئەوەی مافێکی ڕێژەییە و مافێکی ڕەها نیە، ڕێکخستنی دەکرێ بە شێوەیەک بێت کە مەبەست لێی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی بێت وەک پارێزگاری کردن لە ئاسایشی گشتی، بەرژوەندیە باڵاکانی وڵات و ئابووری وڵات.[١٤]

هـ- **مافی ڕەگەزنامە**:- مەبەست لە ڕەگەزنامە ئەو پەیوەندییە یاساییە کە تاک بە دەوڵەت دەبەستێتەوە، هەر لە ڕێگەی ئەم ڕەگەزنامەوە سیفەتی هاوڵاتیبوون وەردەگرێ دەبێتە خاوەنی مافە سیاسییەکان و کۆمەڵایەتییەکان و چەند مافێکی تر. نەبوونی ڕەگەزنامە وا دەکات هاوڵاتی لە چەند مافێکیتر بێ بەش بێت، تەنانەت ئەو هاوڵاتیەی کە خاوەنی ڕەگەزنامە نیە هیچ لایەنێک پارێزگاری لێناکات لە ئاستی نێودەوڵەتی.

٢- **ماف و ئازادییە هزرییەکان**: ماف و ئازادیە فکرییەکان وەستاون لەسەر ئازادی ڕا دەربرین بەو مانایەی کە تاک ئازاد بیت لە دەربرینی بیروڕا و بنەما و باوەڕەکانی بەو شێوەی کە خۆی ئەیانبینێ و ئەیەوێ دەریان ببڕی بەڵام لەو سنورەی کە یاسا بۆی دیاریکردووە. ماف و ئازادییە فکرییەکانێش دابەش دەبن بۆ سەر چەند بەشێک کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

أ-**ئازادی بیروباوەر و ئاین**:- مەبەست لێی ئازادی مرۆڤە کە باوەر بێنێت بەم بنەما و ئاینەی خۆی باوەڕی پێیەتی و دەیەوێ. پارێزراو بێت لە هەر توندوتیژیەک و زۆرلیکردنێک کە دەکرێ بکرێتە سەری. هەروەها مافی گۆرینی ئاین و بیر و باوەری هەبێت لە چوارجێوەی سیستەمی گشتی و ئادابی گشتی.[١٥]

ب- **ئازادی رادەربرین**:- مەبەست لێی توانای هەموو مرۆڤێکە کە بە ئازادانە گوزارشت لە بیر و ڕای خۆی بکا بە هەر شێوەیەک و بە هەر ئامرازێک چ بە قسە بیت، نامە یان هەر ئامرازێکیتری بڵاوکردنەوە وەک ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، شانۆ، سینما یان هەر بڵاوکراوەیەکیتری ئینتەرنێت بێت. ئازادی ڕادەربرینیش بە مافێکی بنەرەتی مافە فکرییەکان دادەندرێت وەک دایکی هەموو مافەکان دادەندرێت، چونکە هەر ئازادی ڕادەربرینە وا لە مرۆڤ دەکات کە ڕایەکی تایبەت بە خۆی هەبێت لە بارەی هەموو ئەو ڕوداو و شتانەی کە لە بەردەمیدا ڕودەدەن و دەیانبینێت.[١٦]

مرۆڤ هەر لە ڕێگای ئازادیی ڕادەربرینەوە دەتوانێت گوزارشت لە هەموو بیرە سیاسی، فەلسەفی و ئاینییەکانی بکات و بە ئازادیەکی تەواو بەبێ بوونی ترس لە هیچ دەسەڵاتێک و هیچ شتێک. هەرچەند مرۆڤ ئازاد بێت لە بیر و هزری خۆیدا هەرچەند خاوەنی بیرۆکەی تایبەت بە خۆ بێت ئەگەر ئازادی ڕادەربرینی نەبێت ئەوا لە ناخی خۆیدا دەیانهێڵێتەوە نابێتە خاوەن ئازادییەکی تەواو بۆیە پێویستە تەواو ئازاد بێت لە دەربڕینی هەر ڕایەک لەسەر هەر بابەتێک کە خۆی بیەوێت بەڵام بە مەرجێک لە سنوری سیستەمی گشتی دەرنەچێت یان زیان بە کەسانیتر نەگەینێت. ئازادی ڕادەربرینیش تەنیا ئەوە نیە کە کەسەکە هەست بکات تەواو ئازادە لە دەربرینی هەرچیەک کە دەیەوێ بەڵکو ئامرازێکیشە بۆ بەرەو پیشچوونی کۆمەڵگا.

ج- **مافی کۆبوونەوە**:- واتا تاکەکان مافی ئەوەیان هەیە کۆببنەوە لە شوێنێکی دیاریکراو بۆ تاوتۆکردن و باسکردنی بابەتێک و وتی بیروڕاکانیان بەشێوەیەکی ئاشتیانە جا ئەم کۆبنەوە چ لە

چوارچێوەیەکی تەسک بێت یان کۆبوونەوەیەکی فراوان کە بە کۆبوونەوەی گشتی ناو دەبردرێت. ئەم مافەش بەستراوەتەوە بە مافی ئازادی ڕادەربرین گۆڕینەوەی بیر و ڕا.[١٧]

د- **ئازادی ڕۆژنامەگەری**:- بەو واتایەی کە ڕۆژنامەگەری بە تەواوی ئازاد بێت لە دەسەڵات. مافی تاکەکانە کە بە ئازادانە بیر و ڕای خۆیان دەربرن لە ڕێگەی هەموو جۆرە ڕۆژنامە و کتێب و گۆڤارێک بەبێ ئەوەی بچنە ژێر چاودێری دەسەڵات بە شێوەیەک لە چوارجێوەی یاسادا دەرنەجێت.[١٨]

هـ- **مافە سیاسییەکان**: پەیوەستن بە بەشداری تاکەکان لە ژیانی سیاسی وەک مافی دەنگدان و مافی هەڵبژاردن، تاک مافی ئەوەی هەبێت ببێتە ئەندام لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنەکانیتر، هەروەها مافی دروستکردنی حزبی سیاسی هەبێت.

### ٢,٢,٢. جۆری دووەم- مافە ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیرییەکان:

ئەم مافانە بە نەوەی دووەمی مافەکانی مرۆڤ دادەندرێن لەگەڵ سەرهەڵدانی بیرۆکەی ئیشتیراکی سەریانهەڵدا کە داوای یەکسانی ئەکرد[١٩]. مافە ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیرییەکان چەند مافێک لە خۆ دەگرن کە کارل فزاک-ی فەیلەسوف بە مافەکانی یەکسانی ناویان دەبات و بریتین لەمانەی خوارەوە:

**ا- مافە ئابوورییەکان:**

کۆمەلە مافێکن کە پەیوەندیان بە چالاکی ئابووریەوە هەیە بە هەموو لایەنەکانی، مەبەستی گەیشتن بە ژیانێکی شایستە لە ئەنجامی ئەو چالاکیە ئابووریانەی بۆی هەیە ئەنجامی بدات. وەک مافی کارکردن لە ئەنجامی ئەم مافەش چەند مافێکیتر درووست دەبن وەک مافی درووستکردنی سەندیکا، مافی مانگرتن... هەروەها مافی خاوەندارییەتی وەک فرۆشتن، کرین، بەکرێدان، هەرچیەکی پەیوەندی هەبێت بە چالاکی ئابووری.[٢٠]

**ب- مافە کۆمەڵایەتییەکان:** لە پاڵ یەکسانی تاکەکان لە بواری سیاسی، مافە کۆمەلایەتییەکان چەند مافێک لە خۆی کۆدەکاتەوە کە یەکسانی کۆمەلایەتی بەدی دێنێت وەک مافی تەندرووستی، مافی هەبوونی مالێکی شایستە، مافی پێکهێنانی خێزان.[٢١]

**ج- مافە ڕۆشنبیرییەکان:** هەموو ئەوانەی کە پەیوەندیان بە ڕۆشنبیری تاکەکان هەیە دەچنە ژێر باری مافە ڕۆشنبیرییەکان وەک مافی پەروەردە، مافی شووناس.[٢٢]

### ٣. ماف و ئازادییە گشتییەکان لە دەستووری عێراقدا:

دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ باسی لە ماف و ئازادی گشتی کردووە لە بەندی دووەم، لە بەشی یەکەمی بەندی دووەم باسی لە مافەکان و بەشی دووەم باسی لە ئازادییەکان کردووە. بەشی یەکەمی دابەشکردووە بەسەر دوو لق. لقی یەکەمی باس لە مافە شارستانی و سیاسییەکان کردووە لە لقی دووەمیش باسی لە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان کردووە.

لقی یەکەمی ماددەکانی (١٤-٢١ ) دەگرێتەوە کە باس لە یەکسانی دەکات لە بەردەم یاسادا بەبێ جیاوازی، هەروەها ئاماژەی بەوە دەدات کە هەموو تاکێک مافی ژیان و پارێزگاری و ئازادی هەیە کە نابێ سنوردار بکرێت تەنها بە یاسا نەبێت، تاک خاوەنی تایبەتمەندی کەسی خۆیەتی بە جۆرێک کە یەکبگرێتەوە لەگەڵ ئاداب و سیستەمی گشتی. دەرفەتیش دەدات بە هەموو تاکێکی عێراقی کە خاوەن ماڵ و رەگەزنامە خۆی هەبێت. هەر بە پێی ئەم ماددانەی دەستووری عێراق دادگا دەبێ سەربەخۆ بێت هیچ دەسەڵاتێکی لەسەر نەبێت، ئاماژەش بەوە دەکات کە هیچ تاوان و هیچ سزایەک بوونی نیە تەنیا ئەگەر لە یاسادا باسکرابێت، تاوانبار بێ تاوانە تاوەکو دەسەلمێندرێت کە تاواناکەی کردووە، دانیشتنەکانی دادگا پێویستە با ئاشکرا بن تەنیا ئەگەر بە یاسا رێگە درا داخراو بن، هاوڵاتی مافی بەشداریکردنی لە هەیە لە هەموو بوارێک و مافی ممارسەکردنی مافە سیاسییەکانی خۆی هەیە بەبێ جیاوازی رەگەز.

لە لقی دووەم باسی لە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان کردووە لە ماددەکانی (٢٢-٣٦) ئاماژە بەوە دەدات کە کارکردن مافی هەموو تاکێکی عێراقییە، دەوڵەت هەلدەستێت بە بوونیاتنانی سەندیکا و یەکگرتنە پیشەییەکان و ئەندامانبوون تیایاندا.

تاک خاوەنی ماڵ و موڵکی خۆیەتی و بە تەواوی دەسەڵاتی بەسەردا هەیە لەو سنورەی کە یاسا بۆی دیاریکردووە، هیچ لایەنێک بۆی نیە لێی بستێنێ یان دەستکاری بکات تەنیا ئەگەر مەبەست لێی بەرژەوەندی گشتی بێت بۆ ئەمەش دەبێ لە بەرامبەردا قەرەبوو بکرێتەوە. دەستووری عێراق لە ماددەی(٢٩) برگەی یەکەم، خێزانی بە بنەمای کۆمەڵگا داناوە، پێویستە دەوڵەت پاریزگاری لە ماڵ و بەها ئاینی، ئەخلاق و نیشتمانییەکانی بکات.[٢٣]

هەروەها دەوڵەت پێویستە گەرەنتی کۆمەڵایەتی و تەندرووستی تاکەکانی لەبەر چاو بگرێ. هەموو عێراقیەک مافی سەرپەرشتی تەندرووستی هەیە، پەروەردەش بە خۆراییە بۆ هەموو تاکێکی عێراق.

لە باسی دووەمی بەندی دووەم دەستووری عیراق ساڵی ٢٠٠٥دا باس لە ئازادییەکان کراوە لە ماددەی (٣٧)دا باس لە ئازادی مرۆڤ دەکات بەوەی کە هیچ کەس بۆی نیە رێگای پێبگرێت تەنیا بە بوونی حوکمێکی دادوەری نەبێت، هەموو جۆرە ئەشکەنجەدانێکی جەستەیی و دەروونی قەدەغەکردووە.

بە ئەرکی دەوڵەتی داناوە کە تاک لە هەموو جۆرە زۆرلێکردنێکی بیر و سیاسی و ئاینی بپارێزێت، هیچ کەسێک ناتوانێ مامەڵە بە ئافرەت و منداڵ بکات. هەروەها دەوڵەت ماف ئەوە بدات بە تاکەکان کە ئازادانە گوزارشت لە بیر و باوەرو خۆیان بکەن و مافی دامەزراندنی کومەڵگا و حزبی سیاسیان هەبێت. لە ماددەکانی(٤١-٤٢-٤٣)دا ئاماژە بەوە دەدات کە هاوڵاتیانی عێراق ئازاد لە بیر و باوەر و ئەو ئاینەی کە باوەریان پێی هەیە. هەرەرها هاوڵاتی عیراقی مافی نیشتەجیبوون و سەفرکردن و هاتنەوەی هەیە بۆ شوێنی خۆی.

ئەو ماف و ئازادیانەی کە دەستووری عیراق لە خۆی گرتووە ئەوە نیشان دەدات کە دەستووری عێراق گرنکترین ئەو مافانەی لە خۆ گرتووە کە لە جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و رێکەوتنامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتوون، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە پابەند بوون پێیانەوەیە لە لایەنی دەسەلاتی جێبەجی کردنەوە کە زۆر جارئەم مافانە پێشێڵدەکات بە بیانووی جۆراوجۆر.[٢٤]

**٤. گەرەنتی ماف و ئازادییە گشتییەکان:**

ماف و ئازادییەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا خۆیان دەخزێننە ناو یاسا ناوەخۆییەکانیش بۆیە بە تەنیا باسکردنیان لە نێو دەستوور و یاساکان و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان بەس نیە بەڵکو چەند گەرەنتیەکیش هەبێت کەوا بکات ئەم ماف و ئازادییانە پارێزراوبن، دەسەڵات دەبێ چەند ئامراز و گەرەنتیەک دابنێ بە مەبەستی پاراستن و رێزگرتن لە ماف و ئازادییەکان چونکە بە گرنگترین بنەمای دەوڵەتی دیموکراتی دادەندرێت لە ئیستادا.[٢٥]

.

بە شێوەیەکی گشتی وڵاتان چەند گەرەنتیەکی یاسایی و سیاسی دەدەنە ماف و ئازادییە گشتییەکان، گەرەنتی یاسای وەک باسکردنی ماف و ئازادییەکان لە چوارجێوەی دەقێکی دەستووری، کە لە دەستووردا باس لە ماف و ئازادییەکان دەکرێ ئەمە مانای وایە بە بنەمایەکی دەستووری دادەندرێن بنەمای دەستووریش دەسەڵاتێکی باڵایان هەیە کە دەبێ هەموو دەسەلاتێک لە دەوڵەت ریزیان بگرێ و پێیەوە پابەند بن.[٢٦]

باڵادەستی یاسا و پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و چاودێری دادوەریش بە گەرەنتی یاسایی بۆ ماف و ئازادییەکان دادەندرێت، بەڵام لە پاڵ گەرەنتیە یاساییەکان چەند گەرەنتیەکی سیاسیش هەن وەک چاودێری دەستووری لەسەر یاساکان و هەروەها رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، چەند رێکخراوێک لە خۆ دەگرێت تایبەتن بە بابەتێکی دیاریکراو لێرەدا مەبەست لە رێکخراوکانی مافی مرۆڤە، مەبەستی ئەم رێکخراوانە پاراستنی مافەکانی مرۆڤن لە رێگای بڵاوکردنەوەی زانیاری و ئەنجامدانی چەند چالاکیەک.[٢٧] ئەمەی باسکرا بە شێوەیەکی گشتی چەند گەرەنتیەک بوون بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان جا سیستەمی وڵات هەر جۆرە سیستەمێک بێت پێویستە چەند ئامرازێک هەبن کە گرەنتی ماف و ئازادییەکان بکەن بە هەمان شێوە دەستووری عێراق چەند گەرەنتیەکی داناوە بۆ پاراستنی ماف و ئازادییە گشتیانەی کە باسیکردوون.

**١,٤. گەرەنتی ماف و ئازادییە گشتییەکان لە دەستووری عیراق سالی ٢٠٠٥**

هەر وەک ئاماژەی پێدرا کە دەستووری عێراق یەکێکە لە باشترین ئەو دەستوورانەی کە زۆربەی ماف و ئازادییە گشتییەکانی لە خۆ گرتوو. باسکردنی ماف و ئازادییەکان وەک بنەمایەک لە دەستووردا بە مانای بەرزنرخاندنی مرۆڤ و بوونی سیستەمێکی دیموکراتی دێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بنەما دەستوورییەکان هیچ بەهاییەکیان نابێت ئەگەر لە لایەنی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتەوە رێزیان لێ ناگیرێت و جێ بەجی نەکرێن، بۆ رێزگرتن لە بنەما دەستوورییەکان پێویستە چەند گەرەنتیەکی رێکخراو هەبن بۆ پارێزگاریکردن لە کاتی پێشلکردنی دەقێکی دەستووریدا.[٢٨] دەستووری عێراق باسی لە چەند بنەمایەک کردووە وەک گەرەنتیەک بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١.بنەمای سەروەریی یاسا

٢.پرەنسیپی لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان

٣.بنەمای سەربەخۆیی دادگا

٤. بنەمای چاودێریی دەستووری

ئاماژە بە هەر یەکێکیان دەکەین لە نێو دەقەکانی دەستووری عێراقیدا:

**١,١,٤. بنەمای سەروەری یاسا:**- بەو مانایەی کە یاسا باڵادەست بێت وهەموو دەسەڵاتەکان ملکەچ بن بۆ یاسا. هیچ ئیرادەیەک نەبێت لە سەرووی ئیرادەی یاساوە وەک چۆن تاکەکان پابەندن بە یاسا بە هەمان شێوەش پێویستە هەموو دەسەڵاتەکانیش لە دەوڵەت پابەند بن بە یاساوە.

دەستووری عێراق لە مادەی(٥)دا دەڵێ (سەروەری بۆ یاسایە. گەلیش سەرچاوەی دەسەڵات و شەرعییەتبوونیەتی، کە بەهۆی دەنگدانی ڕاستەوخۆ و نەهێنیەوە لە ڕێی دام و دەزگا دەستوورییەکانەوە ئەنجامی دەدات). هیچ کاتێک یاساش سەروەر نابێت ئەگەر هاتوو ڕێگایەک هەبێت لە ڕێگایەوە بتواندرێت دەستدرێژی بکرێتە سەر ماف و ئازادییەکان هەروەها ماددەی (٤٦)دا هاتووە کە (جێبەجێکردنی هەر یەک لەم ماف و ئازادییانەی کە لەم دەستوورەدا هاوتووە نابێت سنوردار بکرێت یان دیاریبکرێت تەنیا بە یاسا یان با پشت بەستن بە یاسا نەبێت، بەمەرجیک ئەم سنوردارکردن و دیاریکردنە ناوەرۆکی ماف و ئازادییەکان نەشێوینێت).

**٢,١,٤. پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان:**- بە یەکێک لە گرنگترین بنەماکان دادەندرێت کە دەستووری وڵاتان باسیان لێوە کردووە بە مانای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان دێت لە نیوان دامەزراوەکانی دەوڵەت.[٢٩] بەجۆرێک هەر دامەزراوەیەک ممارسەی ئەو دەسەڵاتە بکات کە لە دەستووردا بۆی دیاریکراوە بەبێ دەست تێوەردان لە دەسەڵاتی دامەزراوەکانیتر. پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بە مانای لێکجیاکردنەوەی تەواوی دەسەڵاتەکان نایەت بەڵکو بە مانای قۆرخ نەکردنی دەسەڵات دێت لە لایەن دامەزراوەیەکی دیاریکراو، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم پرەنسیپەش دەگەرێتەوە بۆ بیرمەندی فەرەنسی (مۆنتسکیۆ). [٣٠] بە یەکێک لە گرنگترین گەرەنتییەکانی مافی مرۆڤ دادەندرێت کە دەستووری عێراق لە مادەی (٤٧) ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت "دەسەڵاتی فیدراڵی لە دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەراندن و دادوەری پێک دێت، هەر یەکەیان ئەرکەکانی خۆیان لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان پیادە دەکەن".

**٣,١,٤. بنەمای سەربەخۆیی دادگا:**- سەربەخۆیی دادگا و بێ لایەنی لە هەموو بوارێک بە یەکێکیترلە گەرەنتییەکانی ماف و ئازادییەکان دادەندرێت لە دەستووری عیراقیدا چونکە دادگای سەربەخۆ پارێزگاری لە ماف و ئازادییەکان دەکات دەیان پارێزێت لە هەر دەست درێژیکردنێک ج لە لایەنی تاکەکانەوە بێت ج لە لایەنی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنەوە،[٣١] واتا بوونی دادگایەکی سەربەخۆ کە بە یەکسانی و سەربەخۆیەوە بریار دەربکات لە ژێر کاریگەری هیچ لایەنێک نەبێت لە کاتی دەرکردنی بریار، دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ لە مادەی(٨٧)دا باس لە سەربەخۆیی

دادگا دەكات (دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە و دادگان بەڕێوەی دەبەن بە جیاوازی جۆر و پلەكانیانەوە و بڕیارییەكانیان بە گوێرەی یاسا دەردەكەن). هەر وەک لە ماددەی (٨٨)دا هاتووە (دادوەرەكان سەربەخۆن و جگە لە یاسا لە ژێر ڕكێفی هیچ دەسەڵاتێكیتردا نین، نابێ هیچ دەسەڵاتێک دەست بخاتە دادگا و كاروباری دادپەروەرییەوە).

٤,١,٤. **بنەمای چاودێریی دەستووری**:- وا دەردەكەوێ كە دەستوور بنەمای ڕەوایەتی(شرعیەتی) جێبەجێ كردووە بە مەبەستی شكۆمەندی دەستوور و باڵا دەستی یاساكان لە دەوڵەتدا، بوونی چاوردێریەكی دەستووری ڕێكخراو و ئەكتیڤ زەمانەتی شكۆمەندی دەستوور وچاودێری كاری دامەزراوەكان دەكات لە دەوڵەتدا.[٣٢] دەسەڵاتی یاسادانانیش لە میانەی ڕێكخستنی كارەكانی باسی لە ماف و ئازادییەكان و چۆنیەتی پاراستنیانی كردووە و دادگای فیدراڵی باڵای بەم كارە ڕاسپاردووە بۆ ئەمەش سەرچاوەكەی لە دەستوور وەرگرتووە.[٣٣] هەر وەک لە ماددە(١/٩٣)دا هاتووە كە یەكێک لە كارەكانی دادگای فیدراڵی باڵآ بریتیە لە چاوردێریكردنی ڕادەی دەستووری بوونی یاسا و پێڕەوە كارپێكراوەكانە. لە ماددەی(٩٤)دا ئاماژەی بەوە داوە كە بڕیارەكانی دادگای فیدراڵی باڵا یەكلاكەرەوەیە ودەبێ سەرجەم دەسەڵاتەكان پێیەوە پابەند بن. بەم شێوەیە دەستوور دەرفەتێكی داوەتە تاكەكان تا لە ڕێگەی چاودێری لەسەی یاساكان بگەن با ڕەوایەتیەكی تەواو چونكە یەكێک لەم كارانەی ئەم چاودێریە دەتوانێ بیكات هەڵوەشاندنەوەی یاساكانە، دادگای فیدراڵی باڵا دەتوانێ ئەم یاسانە هەڵوەشێنێتەوە كە یەكناگرنەوە لەگەڵ دەستوور.[٣٤]

| گەرەنتی دەستووری | ڕۆڵی لە پاراستنی ماف و ئازادییەكان | ئاستی كاریگەری لە دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ | بنەمای دەستووری / سەرچاوە |
|---|---|---|---|
| بنەمای سەروەریی یاسا | دڵنیادەكات كە هەموو دەسەڵات و هاوڵاتیان لە ژێر حوكمی یاسادان و هیچ بڕیارێک دژ بە دەستور نابێت. | **بەرز؛** بنەمای دەوڵەتی یاسایە و بناغەی پاراستنی هەموو مافەكانە. | دەستووری عێراق ٢٠٠٥، ماددەكانی ٥ و ١٣. |
| پرەنسیپی لێكجیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان | ڕێگری لە كۆكردنەوەی دەسەڵات لە دەستی یەک دەزگا دەكات و هاوسەنگی و چاودێری نێوان دەسەڵاتەكان دابین دەكات | **بەرز؛** بەڵام كاریگەریی لەسەر جێبەجێكردن بە هێزی دامەزراوەكان پەیوەستە. | دەستووری عێراق ٢٠٠٥، ماددەی ٤٧. |
| بنەمای سەربەخۆیی دادگا | دادگا بەبێ فشاری سیاسی مافەكان پارێزگاری لێدەكات و دادپەروەری دابین | **زۆر بەرز؛** چونكە جێبەجێكردنی زۆربەی مافەكان لە ڕێگەی دادگا دەبێت. | دەستووری عێراق ٢٠٠٥، ماددەكانی ١٩، ٨٧–٨٨. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | دەكات. | | |
| بنەمای چاودێریی دەستووری | یاسا و بڕیارەكان لەگەڵ دەستور بەراورد دەكات و هەر دەقێكی دژ بە دەستور هەڵدەوەشێنێتەوە، بۆیە پاراستنی ڕاستەوخۆی مافەكان دەكات. | **زۆر بەرزترین؛** چونكە دادگای باڵای فیدراڵی پارێزەری یەكەمی دەستور و مافە دەستوورییەكانە. | دەستووری عێراق ٢٠٠٥، ماددەكانی ٩٢–٩٤. |

زانیارییەكانی ئەم خشتەیە پشت بە كۆمەڵەیەك سەرچاوەی فەرمی و ئەكادیمیی ناسراو دەبەستن كە بنەمای تیۆری و یاسایی بۆ هەڵسەنگاندنی گەرەنتییە دەستوورییەكان دابین دەكەن. دەستووری كۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ وەك سەرچاوەی سەرەكی، بنەما و دەقە دەستوورییە پەیوەندیدارەكان دیاری دەكات، لە كاتێكدا ڕاپۆرتی UNDP و Rule of Law Checklistی كۆمسیۆنی ڤینس، ستاندارده نێودەوڵەتییەكانی سەروەریی یاسا، سەربەخۆیی دادگا و پاراستنی مافی مرۆڤ ڕوونده‌كەنەوە.[٣٥]

هەروەها، كتێبەكەی دایسی (A.V. Dicey ) بناغە تیۆرییەكانی سەروەریی یاسا دەخاتەڕوو وبە گوێرەی یاسای دەستووریی بەراوردكاریی (Comparative Constitutional Law) بە شیكردنەوەی ئەزموونی دەستووری و میكانیزمەكانی پاراستنی ماف و ئازادییەكان لە سیستەمە جیاوازەكاندا یارمەتی هەڵسەنگاندنی دەستووری عێراق دەدات.[٣٦]

لە هەمان كاتدا، ماورۆ كاپێلێتی (Mauro Cappelletti) لە Judicial Review in the Contemporary World گرنگی چاودێریی دەستووری و ڕۆڵی دادگا لە پاراستنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەكان شیدەكاتەوە. بۆیە، ناوەڕۆكی خشتەكە لەسەر بناغەی ئەم سەرچاوانە ڕێكخراوە و هەوڵ دراوە لەگەڵ دەقەكانی دەستووری عێراق و ستاندارده نێودەوڵەتییەكان هاوتەریب بێت[٣٧].

**٢,٤. گرەنیتەكی تایبەت سەبارەت بە ماف و ئازادییە گشتییەكان لە دەستوەری عێراقیدا:**

جیا لە بوونی ئەم گەرەنتیانە دەبینین كە دەستووری عێراق چەند گەرەنتییەكی تایبەتیشی داناوە بۆ پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەكان لە كاتی هەمواركردنی دەستووردا، وەك لە ماددەی (١٢٦) داهاتووە(١/سەرۆك كۆمار و ئەنجومونی وەزیران پێكەوە یان پێنج یەكی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەوران مافی پێشنیاركردنی هەمواركردنی دەستووریان هەیە. ٢/نابێت ئەو بنەما بنەڕەتیانەی لە بەندی یەكەم وماف ئازادیەنەی بەندی دووەم كە لەم دەستووردا هاتوون هەموار بكرێن مەگەر پاش دوو خولی هەڵبژاردنی تر و بە ڕەزامەندی (٢/٣) ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەری و لەگەڵ ڕازیبوونی گەڵ لەڕێگەی ڕاپرسی گشتیەوە و پەسەندكردنی لەلایەنی سەرۆك كۆمار لە ماوەی حەوت ڕۆژدا.) ئەم ماددەیە نیشان دەدات كە

دەستوور چەند ڕێکارێکی تایبەتی سەبارەت بەم بابەتانە داناوە جیاواز لە ڕێکارەکانی هەمەموارکردنی یاساکانیتر. مەرجی هەموارکردنی ئەم ماف و ئازادیانەی کە ئاماژەی پێداون کە دوای دوو خولێ هەڵبژاردن واتا دەستوور حضرێکی کاتی داناوە بەتەواو بوونی ئەم کاتە ئەوا دەسەڵاتی دیاریکراو بۆی هەیە هەمواری ئەم بنەمایەنە بکات بە پێ ئەو ڕێکارانەی کە بۆی داندراوە لە دەستوور بەڵام دەبێ مەبەست لەم هەموارکردنە زیاد کردنی ماف و ئازادییەکان بێت لە دەوڵەتدا نەک کەمکردنەوە لێیان و پێشێلکردنیان.

## ٥. دەرئەنجام و ڕاسپاردە

لە کۆتاییدا هەندێک دەرئەنجام دەخەینە ڕوو و هەندێک ڕاسپاردەش پێشکەش دەکەین:

### ١,٥. دەرئەنجام

دەستوور لە سیستەمی دیموکراتیدا بەڵگەنامەیەکی باڵایە لە سەرووی هەموو یاساکانەوەیە بۆیە بە بەڵگەنامەیەکی دیار و باش دادەندرێت بۆ دەقکردن لەسەر ماف و ئازادییەکانی تاک کە پێکهاتوون لە دوو بەشی سەرەکی ئەوانێش مافە مەدەنی و سیاسییەکان لەگەڵ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانن. لە میانەی ئەو بابەتانەی باسکراون دەردەکەوێت کە دەستووری عێراقی هەمیشەیی ساڵی (٢٠٠٥) یەکێکە لە باشترین دەستوورەکان کە بە قووڵی باسی لە هەموو ئەو ماف و ئازادییانە کردووە کە لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و بەڵگەنامەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤدا هاتوون.

سەرەڕای ئەوەی کە بە ڕوونی دەقی لەسەر ماف و ئازادییەکان کردووە لە هەمانکاتدا چەند گەرەنتیەکیشی داناوە بە مەبەستی پاراستنی ئەم ماف و ئازادییانە جەند ئامرازێکی ئاماژە پێکردووە بە مەبەستی پارێزگاریکردن لەم ماف و ئازادیانە جیا لەم ئاماژانەش چەند مەرجێکی داناوە بۆ ئەوەی ڕێگا بگرێت لە دستدرێژیکردنەکانی دەسەڵات بۆ سەر ئەم ماف و ئازادییانە وایکردووە کە دەسەڵات ڕێز لەو بنەمایانە بگرێت کە لە دەستووردا هاتوون لە ڕێگای بنەمای سەروەری یاسا بەوەی کە هەمووان پێویستە پابەند بن بە یاساوە کەس بۆی نیە لە یاسا لابدات. هەروەها دەقی لەسەر شکۆمەندی ئەو بنەمایانە کردووە کە لە دەستووردا باسکراون بەوەی کە نابێت هێچ یاسایەک پێچەوانەی دەقە دەستوورییەکان بن، هەر لە دەستووردا وەک گەرەنتیەک بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان دەسەلاتەکان دابەشکراون و ئاماژەش بەوە کراوە کە هیچ دەسەڵاتێک بۆی نیە دەستێوەردان بکات لە کاروباری دەسەڵاتێکیتر. لەگەڵ ئەوشدا دەستووری عێراقی وەک زۆربەی دەستوورەکانیتر چەند کەم و کورییەکی تێدایە لە بارەی ماف و ئازادییەکان وەک ئەوەی بەشێک لە ماددەکان بە شێوەیەکی گشتی هاتوون دیارنەکراوان بەڵکو دیاریکردنیان گەڕاوەتەوە بۆ یاسایەکی تایبەت.

### ٢,٥. ڕاسپاردە

١. پێویستە پەرلەمانی عێراق و دامەزراوە دەستوورییە پەیوەندیدارەکان هەنگاوە یاساییە پێویستەکان بنێن بۆ تەواوکردنی چوارچێوەی یاسایی جێبەجێکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکان،

به شێوەیەک کە هەموو یاسا و بڕیارەکانی دەوڵەت لەگەڵ دەق و ڕۆحی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ و پابەندبوونی عێراق بە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ هاوتەریب بن. هەروەها، پێویستە یاسا ناتەواوەکان و ئەوانەی کە لەگەڵ دەستور ناکۆکن، پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و چاکسازی یاساییان بۆ ئەنجام بدرێت.

٢.بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیار خەلک بۆ ئاشنابوونی زیاتر بەو ماف و ئازادییانەی کە لە دەستووری عێراقیدا هاتوون لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. زیاد کردنی سزا لەسەر هەر کەس و لایەنێک کە ماف و ئازادییەکان پێشل دەکات.

٣. لە باسی هەموارکردنی دەستووردا لە مادەی (١٢٦) وا باشتر بوو یاسادانەر برگەیەکی تری زیاد بکردایە بەوەی کە زۆر بە ڕاشکاوانە و بە ڕوونی ئاماژەی بەوە بکردایە هیچ هەمووارکردنێک لە ماف و ئازادییەکان ناکرێت تەنیا ئەگەر مەبەست لێی زیادکردنی ماف و ئازادییەکان نابێت.

٤. پێویستە سەربەخۆیی دادگا و دەسەڵاتی دادوەری، بە تایبەتی دادگای باڵای فیدراڵی، بە شێوەیەکی کرداری بەهێز بکرێت، چونکە چاودێریی دەستووری و دادپەروەری یەکێکن لە گرنگترین گەرەنتییەکان بۆ پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان. لە هەمان کاتدا، باشترە میکانیزمێکی کارای چاودێری و هەڵسەنگاندنی جێبەجێکردنی دەقە دەستوورییەکانی تایبەت بە ماف و ئازادییەکان دابمەزرێت، بۆ ئەوەی هەر پێشێلکارییەک بە خێرایی چارەسەر بکرێت و بنەمای سەروەریی یاسا و دەوڵەتی دامەزراوەکان لە عێراق بەهێزتر بکرێت.

---

[١] یاسر الحویش، مهند نوح، حقوق الانسان و الحریات العامة، www.mediafire.com .

[٢] رامز محمد عمار، **حقوق الانسان و حریات العامة**، مکنبة نرجس، ص ١٠ https://www.mediafire.com/file/4pa17ch

[٣] محمد السید سعید، بهي الدین حسن، **حقوقنا الان و لیس غدا**، الواثیق الاساسیة لحقوق الانسان، مرکز القاهرة لدراسة الحقوق الانسان، www.bibliotodroit.com

[٤] یاسین حمد العیثاوي، **حقوق الانسان في دستور امریکي**، مجلة العلوم السیاسیة العدد(١٣)، ص٩١

[٥] دستور جمهوریة مصریة العربیة.

[٦] عبدالعزیز محمد سالمان، معتز محمد ابو العز، نفرت محمد شهاب، **الحقوق و الحریات العامة في الدساتیر العربیة و الفقة و القضاء و الشریعة الاسلامیة**، https://law.depaul.edu/about/centers-and-institutes/international-human-rights-law-institute/publications/Documents/Public%20Freedoms%20and%20Democracy.pdf

[٧] رغد جمال محمد غریب الجبوري، **حقوق الانسان و الحریات العامة** ( دار الکتب و الوثائق، بغداد، الطبعة الاولي ٢٠١٦) ص٢٥.

[٨] رغد جمال محمد غریب الجبوري، الصدي السابق، ص ٧٠

[٩] رقیة المصدق، **الحریات العامة و حقوق الانسان** ( دار البیضاء، الطبعة الاولي، ١٩٩٩) ص١٤

[١٠] جارنامەی چیهانی مافەکانی مرۆڤ.

[١١] هانی علي الطهراوي، **النظم السیاسیة والقانون الدستوري** ( دار الثقافة، عمان ٢٠٠٨) ص١٢٥

[١٢] ماددەی (٦) لە جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، برگەی (١) (مافی ژیان مافی هەموو مرۆڤێکە، یاسا پێویستە پارێزگاری لەم مافە بکات، بە هیچ شێوەیەک نابێ کەس لەم مافە بێبەشبکرێت).

[١٣] مصطفي ابو زيد فهمي، **القانون الدستوري: فقها وقضاء** ( دار المطبوعات الجامعية ٢٠٠٨) ص١٩٢
[١٤] نعمان احمد الخطيب، **الوسيط في النظم السياسية والقانون الدستوري** (دار الثقافة للنشر والتوزيع، الطبعة الاولي ٢٠٠٤) ص١٥٤
[١٥] مصطفي ابو زيد فهمي، المصدر السابق، ص ٢٠١
[١٦] هانى علي الطهراوي، المصدر السابق، ص ١٢٩
[١٧] يوسف حاشي، **في النضرية الدستورية** ( ابن النديم للنشر و التوزيع، الطبعة الاولي، بيروت ٢٠٠٩) ص٤٠١
[١٨] مصطفي ابو زيد فهمي، مصدر السابق، ص ٢١٥
[١٩] عبدالعزيز محمد سالمان، معتز محمد ابو العز، نفرت محمد شهاب، المصدر السابق.
[٢٠] رغد جمال محمدغريب الجبوري، **حقوق الانسان و الحريات العامة** (دار الكتب و الوثائق، بغداد ٢٠١٦) ص ٥٣
[٢١] نعمان احمد الخطيب، المصدر السابق، ص ١٥٤.
[٢٢] رغد جمال محمدغريب الجبوري، المصدر السابق، ص ٦.
[٢٣] دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)، بەندی دووەم
[٢٤] دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)، بەندی دووەم
[٢٥] يوسف حاشي، المصدر السابق، ص ٣٩٠
[٢٦] سامي جمال الدين، **القانون الدستوري والشرعية الدستورية علي ضوء قضاء المحكمة الدستورية العليا** (الطبعة الثانية ٢٠٠٥، الاسكندرية) ص٣٤١.
[٢٧] علاء حسين علي، عباس مفرج فحل **"مستوى الحماية الدستورية لحقوق الانسان و الحريات العامة"** (العدد ٣) [مجلة جامعة جيهان اربيل العلمية] ٢٠١٧.
[٢٨] محمد الغمري، **حماية الحقوق الانسان في الاطار الدستوري**، معهد الدنماركي لحقوق الانسان، ٢٠١٣، ص ١٦
https://www.dapp.dk/wp-content/uploads/2013/10/Study-on-constitution.pdf
[٢٩] رغد جمال محمد غريب الجبوري، المصدر السابق، ص ٨٩
[٣٠] مها بهجت يونس" **حقوق الانسان وحرياته الاساسية في دستور الجمهورية العراقي لسنة (٢٠٠٥)"** ( مجلد ١) العدد (١)، [مجلة الكوفة للعلوم القانونية و السياسية] تاريخ النشر ٢٠٠٩\٥\٢١، ص ١٤٧.
[٣١] مها بهجت يونس، المصدر السابق، ص ١٥٠.
[٣٢] شباب برزوق،" **الضمانات الدستورية لحقوق الانسان"** ( رسالة الماجستير، جامعة وهران، كلية الحقوق) ص٦، https://theses.univ-oran1.dz/document/THA2888.pdf
[٣٣] مها بهجت يونس،" **موقف الفقه والقضاء من الرقابة الدستورية على سلطة المشرع في تنظيم الحقوق والحريات العامة"** [مجلة المحكمة الاتحادية العليا] تاريخ النشر ٢٠١٩\١٢\١٨، ص٢٥.
[٣٤] ياسر عطيوي عبود، "الرقابة القضائية علي دستورية القوانين كضمان لحقوق و الحريات فى دستور العراق"( العدد(٥) [مجلة الفرات] ٢٠٠٥ ) http://fcdrs.com/mag/issue-5-6.html
[٣٥] See: United Nations Development Programme (UNDP). The Rule of Law and Human Rights.
[36] See: Tom Ginsburg & Rosalind Dixon (eds.), *Comparative Constitutional Law*, Edward Elgar.
[37] See: Mauro Cappelletti, *Judicial Review in the Contemporary World*


ليستى سەرچاوەكان

كتێب

رغد جمال محمد غريب الجبوري، حقوق الانسان والحريات العامة ( دار الكتب و الوثائق، بغداد، الطبعة الاولي ٢٠١٦).

رقية المصدق، الحريات العامة وحقوق الانسان ( دار البيضاء، الطبعة الاولي، ١٩٩٩).

هانى علي الطهراوي، النظم السياسية والقانون الدستوري ( دار الثقافة، عمان ٢٠٠٨).مصطفي ابو زيد فهمي، القانون الدستوري فقها و قضاء( دار المطبوعات الجامعية ٢٠٠٨)
نعمان احمد الخطيب، الوسيط في النظم السياسية والقانون الدستوري( دار الثقافة للنشر و التوزيع، الطبعة الاولي ٢٠٠٤).
يوسف حاٍشي، في النظرية الدستورية (ابن النديم للنشر و التوزيع، الطبعة الاولي، بيروت ٢٠٠٩).
سامي جمال الدين، القانون الدستوري والشرعية الدستورية علي ضوء قضاء المحكمة الدستورية العليا (الطبعة الثانية ٢٠٠٥، الاسكندرية).
محمد السيد سعيد، بهي الدين حسن، حقوقنا الان وليس غدا، الواثيق الاساسية لحقوق الانسان، مركز القاهرة لدراسة الحقوق الانسان، www.bibliotodroit.com
رامز محمد عمار، حقوق الانسان وحريات العامة، مكنبة نرجس، https://www.mediafire.com/file/4pa17ch.
محمد الغمري، حماية الحقوق الانسان في الاطار الدستوري، معهد الدنماركي لحقوق الانسان، ٢٠١٣، https://www.dapp.dk/wp-content/uploads/2013/10/Study-on-constitution.pdf.

Ginsburg, Tom, and Rosalind Dixon, eds. Comparative constitutional law. Edward Elgar Publishing, 2011.

Cappelletti, Mauro. "Judicial review in the contemporary world." (1971).

جۆرناڵ و گۆڤاری ئەكادیمی
علاء حسين علي، عباس مفرج فحل" مستوي الحماية الدستورية لحقوق الانسان و الحريات العامة" (العدد ٣) [مجلة جامعة جيهان اربيل العلمية] ٢٠١٧.
مها بهجت يونس،" موقف الفقه والقضاء من الرقابة الدستورية على سلطة المشرع في تنظيم الحقوق والحريات العامة" [مجلة المحكمة الاتحادية العليا] تاريخ النشر ١٨\١٢\٢٠١٩.
ياسر عطيوي عبود، "الرقابة القضائية علي دستورية القوانين كضمان لحقوق و الحريات فى دستور العراق"( العدد(٥) [مجلة الفرات] ٢٠٠٥ ) http://fcdrs.com/mag/issue-5-6.html.
مها بهجت يونس" حقوق الانسان و حرياته الاساسية في دستور الجمهورية العراق لسنة(٢٠٠٥)" ( مجلد ١) العدد (١)، [مجلة الكوفة للعلوم القانونية و السياسية] تاريخ النشر ٢١\٥\٢٠٠٩.
ياسين حمد العيثاوي،" حقوق الانسان في دستور امريكي" مجلة العلوم السياسية العدد(١٣).
عبدالعزيز محمد سالمان، معتز محمد ابو العز، نفرت محمد شهاب، الحقوق و الحريات العامة في الدساتير العربية و الفقة و القضاء و الشريعة الاسلامية، https://law.depaul.edu/about/centers-and-institutes/international-

human-rights-law-institute/publications/Documents/Public%20Freedoms%20and%20Democracy.pdf
ياسر الحويش، مهند نوح، حقوق الانسان و الحريات العامة، www.mediafire.com .

تێز و توێژینەوەی ئەکادیمی
شباب برزوق،" الضمانات الدستورية لحقوق الانسان" ( رسالة الماجستير، جامعة وهران، كلية الحقوق) https://theses.univ-oran1.dz/document/THA2888.pdf

بەڵگەنامە یاساییەکان
دەستووری عێراق ساڵی (٢٠٠٥).
جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ.
دستور جمهورية مصرية العربية.

List of Authors
Books
Raghad Jamal Muhammad Gharib Al-Jubouri, Human Rights and Public Freedoms (Dar Al-Kutub wa Al-Watha'iq, Baghdad, First Edition 2016.(

Ruqaya Al-Musaddaq, Public Freedoms and Human Rights (Dar Al-Bayda, First Edition, 1999.(

Hani Ali Al-Tahrawi, Political Systems and Constitutional Law (Dar Al-Thaqafa, Amman 2008). Mustafa Abu Zaid Fahmi, Constitutional Law: Jurisprudence and Judiciary (Dar Al-Matbu'at Al-Jami'iya 2008.(
Nu'man Ahmad Al-Khatib, The Intermediate Guide to Political Systems and Constitutional Law (Dar Al-Thaqafa for Publishing and Distribution, First Edition 2004.(
Youssef Hashi, On Constitutional Theory (Ibn Al-Nadim for Publishing and Distribution, First Edition, Beirut 2009.(

Sami Jamal Al-Din, Constitutional Law and Constitutional Legitimacy in Light of the Jurisprudence of the Supreme Constitutional Court (Second Edition 2005, Alexandria). Mohamed El-Sayed Said, Bahaa El-Din Hassan, Our Rights Now, Not Tomorrow: Fundamental Human Rights Documents, Cairo Institute for Human Rights Studies, www.bibliotodroit.com

Ramez Mohamed Ammar, Human Rights and Public Freedoms, Narges Library, https://www.mediafire.com/file/4pa17ch

Mohamed El-Ghamry, Protecting Human Rights within the Constitutional Framework, Danish Institute for Human Rights, 2013, https://www.dapp.dk/wp-content/uploads/2013/10/Study-on-constitution.pdf

Ginsburg, Tom, and Rosalind Dixon, eds. Comparative Constitutional Law. Edward Elgar Publishing, 2011

Cappelletti, Mauro. "Judicial Review in the Contemporary World." (1971(

Journal and Academic Journal

Alaa Hussein Ali, Abbas Mufarraj Fahl, "The Level of Constitutional Protection of Human Rights and Public Freedoms" (Issue 3) [Cihan University Erbil Scientific Journal] 2017.

Maha Bahjat Younis, "The Position of Jurisprudence and the Judiciary on Constitutional Oversight of the Legislature's Authority to Regulate Public Rights and Freedoms" [Federal Supreme Court Journal] Publication Date: 18/12/2019.

Yasser Atiwi Aboud, "Judicial Oversight of the Constitutionality of Laws as a Guarantee of Rights and Freedoms in the Iraqi Constitution" (Issue 5 [Al-Furat Journal] 2005) http://fcdrs.com/mag/issue-5-6.html. Maha Bahjat Younis, "Human Rights and Fundamental Freedoms in the Iraqi Constitution of 2005" (Volume 1), Issue 1, [Kufa Journal of Legal and Political Sciences], published May 21, 2009.

Yassin Hamad Al-Ithawi, "Human Rights in an American Constitution," Journal of Political Science, Issue 13.

Abdulaziz Muhammad Salman, Mu'taz Muhammad Abu Al-Izz, and Nafrat Muhammad Shihab, "Public Rights and Freedoms in Arab Constitutions, Jurisprudence, the Judiciary, and Islamic Law," https://law.depaul.edu/about/centers-and-institutes/international-human-rights-law-

institute/publications/Documents/Public%20Freedoms%20and%20Democracy.pdf

Yasser Al-Huwaish and Muhannad Noah, "Human Rights and Public Freedoms," www.mediafire.com. English and Arabic
Shabab Barzouk, “Constitutional Guarantees of Human Rights” (Master’s thesis, University of Oran, Faculty of Law) https://theses.univ-oran1.dz/document/THA2888.pdf

In the Japanese language
Iraqi Political History (2005.(
There is nothing wrong with the geographical location.
Constitution of the Arab Republic of Egypt.